# پەیوەندی جوگرافیای سیاسی بە زانستی سیاسی وە

1- هەردوو زانست بایەخ بە لێکۆڵینەوە لە دەوڵەت دەدەن بەڵام هەریەکەیان لە گۆشە نیگای تایبەتی خۆیەوە.

2-زانستی سیاسی بایەخ بە سەروەری و سیاسەتی دەوڵەت دەدات بەڵام جوگرافیای سیاسی بایەخ بە لێکۆڵینەوەی ئەو هێزە دەدات کە دیاردە جوگرافییەکان بەردەستی دەخەن بۆ دەوڵەت .

3- سیاسەت زانستی حوکمی دەوڵەت و پەیوەندی دەوڵەت بە هاوڵاتی و دەوڵەتانی ترەوەیە بەڵام جوگرافیای سیاسی لە هۆکارەکانی ئەو پەیوەندیانە دەکۆڵێتەوە کە بەو زەوییە گرێدراوە کە چالاکییەکانی لە سەر ئەنجام دەدرێت .

4- جوگرافیای سیاسی دەکرێت پاڵپشتیەکی باش بێت بۆ سیاسەت و ببێتە پاشبەندێکی بەهێز بۆ شیکردنەوەی پەیوەندیەکان .

## میتۆدەکانی لێکۆڵینەوە لە جوگرافیای سیاسی :

- 1- میتۆدی هەرێمی :
- 1-میتۆدی هەرێمی لە دەوڵەت دەکۆڵێتەوە لە روانگەی ئەو رەگەزە سروشتی و مرۆییانەی کە هەیەتی وەك شوێنی جوگرافی و ئاوهەوا و بەرزی و نزمی و سنور و ڕووبەر و دەرامەتە سروشتییەکان و دانیشتوان و قەبارەی دانیشتوان ...هتد.
- 2-لە رێگای ئەم میتۆدەوە توێژەری جوگرافیای سیاسی زانیارییەکی زۆر دەربارەی ئەو دیاردانەی سەرەوە کۆدەکاتەوە .
- 3-پێویستە توێژەر داتا و زانیارییەکان زیاتر شی بکاتەوە نەك تەنها وەسف کردن بێت بۆ ئەوەی نیشانی بدات کە لێکۆڵینەوەکەی تایبەتە بە زانستی جوگرافیای سیاسی نەك لێکۆڵینەوەیەکی هەرێمایەتی ڕەها.
- 4- جوگرافیای سیاسی لە رێگای ئەم میتۆدەوە سەنگی هەرێمەکان دەردەخات بۆ نموونە لە رێگای ئەم میتۆدەوە دەتوانرێت دەربخرێت گەر هەرێمێکی سیاسی ڕێژەی دانیشتوانی گەنجی چالاکی زۆربێت کە ئەمەش مایەی هێزە بۆ دەوڵەت .
- 5- لێرەدا بە دەست هێنانی ئامانجەکان سەختە چونکە بە مەنتیقی هەرێمی ناکرێت لە کاتی ئێستا دا لە گرفتەکان تێبگەین چونکە مەنتیقی بەیەکگەیشتن و پەیوەندییەکان و هاوسەنگی هێز لە نێوان دەوڵەتان ڕەهەند و دەرئەنجامەکانی کاریگەرترە .

- 2- میتۆدی شیکردنەوەی هێز :
- 1- لە بنەما جوگرافییە سروشتی و مرۆییەکان دەکۆڵێتەوە کە کاریگەرن بۆ هێزی دەوڵەت .
- 2- ئەم میتۆدە چارەسەری بابەتەکان لە یەکە سیاسییەکان دەکات (ئەو یەکە سیاسییە زەوی تێدایە هەروەها خەڵکیشی تێدایە ، هەروەها توێژەر لەوە تێدەگات کە خەسڵەتەکانی زەوی و فاکتەرە سروشتییەکان کە لە چواردەوریین هاوبەشن لە گەڵ خەسڵەتەکانی خەڵك و فاکتەرە مرۆییەکان ).
- 3- لە سەر بنەمای واقیع شیکردنەوە بۆ هێزی دەوڵەت دەکات .
- 4-هەوڵی دۆزینەوەی ئەو لایەن و ڕەهەندانە دەدات کە پەیوەندیان بە کێشە سیاسیەکانەوە هەیە.
- 5- ئەم میتۆدە ئاسانکاری تێدایە کە توێژەر بگاتە ڕاستییەکان .

## • 3- میتۆی مێژوویی:

- 1- له قۆناغەکانی گەشەسەندنی دەوڵەت دەکۆڵێتەوە هەر لە سەرەتای دروستبوون و بوونیادنانی سیاسی وە تاکوو ئێستا کە پێ گەیشتووە .
- 2- فاکتەری کات بەکاردەهێنرێت بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی بارودۆخەکان .
- 3- له رێگای ئەم میتۆدە دەتوانرێت لەو هۆکارانە بکۆڵرێتەوە بۆچی دەوڵەتێك لە سەردەمێکی مێژووی دا لەو پەڕی توانا و هێز و دەسەڵاتداری دا بووە کەچی لە سەردەمێکی تر دا دەبێتە خاوەن دەسەڵاتێکی بچووك و توانا و هێزەکانی لە دەست دەدا .
- 4- ئەم میتۆدە گشت کێشە سیاسییەکانی خستوەتە ژێر جۆر و پێوەرو چوارچێوەیەکی دیاریکراو هەروەها بنەمایەکی گشتی رەهاشی لە سەریان فەرز کردوە هەر ئەمەش لایەنێکی نێگەتیڤی ئەم میتۆدەیە لە بەر ئەوە لەوانەیە کێشەکان لە یەك بچن بەڵام وەك یەك نین چونکە فاکتەرە مرۆییەکان دەگۆڕدرێن .
- 5- زۆر جار توێژەری جوگرافیای سیاسی ون دەبێت لە نێۆ ئەو هەموو رووداوە مێژوویانە لە وانەیە لە ئامانج و ئاراستەی خۆی دوورکەوێتەوە و وای نیشان بدات کە لە سەر مێژووی سیاسی دەنووسێت .
- 6- ئەم میتۆدە بەرهەم و دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی جوگرافی و مێژووییە و ئەو بەیەکگەیشتنەش دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ توێژینەوە لە گەڵ دروستکردنی شێوە و اسلوبێك لە پێناو کۆمەڵە بنەمایەکی گشتی کە سیاسەت بچێتە ژێری .

- 4-میتۆدی وەزیفی :

- 1- ئەم میتۆدە گرنگی دەدات بە ڕەگەزی کار و فەرمان .
- 2-ئەم میتۆدە توێژینەوە لە بارەی ڕەگەزە ناسیاسیەکانی وەك شوێن و ئاوهەوا و بەرزی و نزمی و خاك دەکات لە گەڵ بەستنەوەی بە ڕەگەزی کار و فەرمانەوە .
- 3- گرنگی دەدات بە پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی دەوڵەت و هەرێمە سیاسییەکان .

## • 5- میتۆدی یەك بوار :

- بنچینەی ئەم میتۆدە لە پێنج ئەڵقەی سەرەکی و تێك هەڵکێش و بەیەکداچوو پێکدێت ڕوودانی هەر گۆڕانکاریەکیش لەم ئەڵقانە کار لە ئەڵقەکانی تریش دەکات ، ئەڵقەکانیش ئەمانەنن :
- - بیرۆکەی سیاسی
- - بڕیار
- - جووڵە
- - بوار
- - ناوچە (ڕوبەری سیاسی )
- نموونە لە سەر میتۆدی یەك بوار :
- 1- بیرۆکە سیاسییەکە          دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی
- 2-بڕیار          بڕیاری هەوڵدانە بۆ ئەو ئامانجە
- 3-جووڵە          بریتیە لە ئامادەسازی دانیشتوان بۆ ئەم بیرۆکەیە
- 4- بوار          بریتیە لە دروستکردنی هێزی سەربازی ڕێکخراو کە ئامانجەکە بێنێتە دی .
- 5- ڕوبەری سیاسی          بریتیە لە خاکی کوردستان کە دەوڵەتەکەی لە سەر دادەمەزرێت .

- 6- میتۆدی مۆرفۆلۆجی :

- گرنگی دەدات بە شێوەی ناوەوە و دەرەوەی دەوڵەت و کاریگەرییان لە سەر هێزی دەوڵەت .
- شێوەی ناوەوە (قەبارەی دانیشتوان، گەشەی دانیشتوان ، چالاکییە ئابورییەکانیان ، پێکهاتەکانی دانیشتوان...هتد)
- شێوەی دەرەوە (شوێن، شێوە ، ڕوبەر ، سنور...هتد)
- 7- میتۆدی وەسفی :
- گرنگی بە دەوڵەت دەدات لە ڕووی :
- شێوازی حوکمڕانی و پارتە سیاسییەکانی و کێشەکانی و پەیوەندییە هەرێمی و نێو دەوڵەتییەکانی و کاریگەری هەریەکەیان لە سەر ڕەوشی سیاسییەکەی بە گشتی .